ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/326332005

# ڕەنگدانەوی خۆشەویستی (ئافرەت ونیشتمان) لای شاعیر (عەبدوڵڵا پەشێو)

**Research** · January 2017

CITATIONS
0

READS
24

**1 author:**



Surood Wali
University of Baghdad

**8** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Surood Wali on 11 July 2018.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرەت و نیشتمان)

# لای شاعیر (عەبدوڵڵا پەشێو)

م. سرود ولی اسماعیل

زانکۆی بەغدا/ کۆلێجی پەروەردە/ ئیبن ڕوشد

**پێشەکی**

خۆشەویستی و سۆزی عاتیفەت بۆ ئافرەت و بۆ نیشتمان هەر لەو سەردەمەی مرۆڤ چاوی بۆ دونیا کردۆتەوە و خۆی ناسیوەتەوە هەبووە و ئەو خۆشەویستییە کۆن و ئەزەلییە لە گەڵیا تا هاتووە گەشە و زیادی کردووە و بێ پسان بەردەوام بووە ، خۆشەویستی ئافرەت وەکو غەریزەیەك و خۆشەویستی نیشتمانیش بەرانبەر بە هەرجۆرە دەست درێژیی یان داگیرکردنەوەیەك ، هەموو ئەمانە لە شیعری شاعیرانی هەموو دونیا ڕەنگیان داوەتەوە و تەنانەت لای شاعیرانی کورد زۆر ڕوون و ئاشکرایە و باسیان لە خۆشەویستی ئافرەت ، خۆشەویستی نیشتمان . ئەو دوو ئەوینە لە بن نەهاتووە بە شیعر و هۆنراوەی تەڕ و تامدار باسکردووە و لە شیعرەکانیان بەتەواوەتی ڕەنگیان داوەتەوە .

دەتوانین بە ڕاشکاوانە بیسەلمێنین ، کە زوربەی شاعیران ئەم گوێ زەمینە ، چ کۆن و چ تازەیان ، شاعیرە کلاسیکییەکان و نوێخوازەکان و بگرە هاوچەرخەکانیش ، بەشێکی زۆر لە دیوانەکانیان بۆ خۆشەویستی نیشتمان تەرخان کردووە ، شاعیرانی کورد هەروەکو شاعیرانی تری دونیا لەم بوارە بێبەش و کەم تەرخەم نەبوون ، تاڕادەیێك ئامانجی نەتەوەکەیان ، ئازار و خواستی گەلەکەیان لە ڕێگای شیعردا دەربڕیوە و ، لەبەر ئەوەی نیشتمانەکەیان بەردەوام لەلایەن دوژمنانەوە ، دوژمنانی گەلی کوردەوە داگیر کراوە .. هەر بۆیە ئەمە بۆتە پاڵپێنەرێکی ویژدانی بۆ شاعیرانی کورد بە زەقی و ڕوون ئاشکرا خۆشەویستی نیشتمان لە شیعرەکانیاندا و لە ڕێگای ئەوینەوە ئەو خۆشەویستییەی خۆیان بۆ چکی بکەرەوە نیشتمان دەربڕیوە و خەڵکیان هانداوە نیشتمانی خۆیان خۆش بووێ و وەکو بیبیلەی چاویان بیپارێزن . بەمە کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر مشتومالکردنی بیر و باوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژیانی بەختیارییان بۆ گەل پیشان داوە و ئەم خۆشەویستییە بۆ نیشتمان لە هۆنراوەکانی شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو بە ڕوونی و جوان و سیحراوی ڕەنگی داوەتەوە و لە دیوانەکانی لاپەڕەیکی زۆر بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە ، ویستوویەتی لە ڕێگای شیعرەوە تاکی کورد وشیار بکاتەوە کە چەند ولات شیرین و خۆشەویستە.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ، بە پێی توانا و زانستییانە پەنجە بخەینە سەر لایەنە جوان و دلڕفێنەکانی شیعرەکانی شاعیری ناوبراو ، خۆشەویستی ئافرەت و نیشتمان لای ئەم و شاعیرانی تری گەلەکەمان بە چ شێوە و چۆن هەست و هۆشێکەوە باس کراوە .

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە :**

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرەت و نیشتمان) لای شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو)ەوەیە هەوڵ دەدەین پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان خۆشەویستی ئافرەت و

خۆشەویستی بۆ نیشتمان لای شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو بخەینە ڕوو و شییان بکەینەوە و تا بتوانین بەسەر کۆسپی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ نووسینی گەلێك بابەتی ئەم توێژینەوەیە سەر بکەوین و هەوڵ و کۆششی خۆمان خستۆتە گەڕ بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوەی پێویست بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان .

**ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ڕێبازی وەسفی شیکاریی تیا پەیڕەو کراوە .

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئاشکرا کردن و خستنە ڕووی خۆشەویستی ئافرەت ونیشتمان لای شاعیر (پەشێو) و چۆن لە شیعرەکانیدا ئەم دوو خۆشەویستییە بە زەقی و ڕوون و ئاشکرا ڕەنگیان داوەتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و ئەسپی خۆی لەم بوارە دا دەدات و تیایا سەرکەوتووانە مەبەستەکانی دەچەسپێنێت ، ئێمەش بەپێی توانا شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو شیعرانە دەکەین کە بۆ ئەم مەبەستانە گوتراوە .

**ڕێخۆشکردن یان دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە و هەر بەشێکیان سێ باس لە خۆ دەگرێت لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە .

تەوەری یەکەم پێکدێت لە : (1) پێناسەی شیعر و مێژووی سەرهەڵدانی ، (2) شیعری نوێی کوردیی لە سەرەتای حەفتاکانەوە ، (3) قۆناغەکانی شیعری پەشێو .

تەوەری دووەم پێکدێت لە : 1) ژیان و بەرهەمەکانی پەشێو ، 2) ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرەت و نیشتمان) لای شاعیرانی پێش خۆی ، گۆران وەکو نموونە ، 3) ڕنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرەت و نیشتمان) لای شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو .

- ئەنجامی توێژینەوەکە

## چوونە نێو باسەکەوە :

## تەوەری یەکەم :

## (1) : (أ) شیعر چۆن پێناسە کراوە . (ب) مێژووی سەرهەڵداتی شیعر .

### (1) : أ) پێناسەی شیعر :

شیعر وەك لقێکی سەرەکی لە لقەکانی ئەدەب ، هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە ، ئەوەتا (ئیفلاتوون) بە لاساییەکەرەوەی شتەکانی جیهانی هەستپێکراو پێناسەی کردووە و ، ( ئەرستۆ )ی قوتابیشی پێی وایە لاسییکەرەوەی سروشتە ، ( ڕامبۆ )ش وای بۆ چووە کە شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا ئەو بابەتانە دەهۆنێتە ناو کە بەلای خەڵکی ئاساییەوە نەزانراو و هەستپێنەکراون . هۆراس لە پێناسەکردنی شیعر دەڵێت : ((شیعر وێنەکێشانە))[1] . و لەم ڕووەوە بە پێی باسکردنی شیعر لەم تەوەرەدا دواتر چەند پێناسەیەکی دی فەیلەسووف و زانایان و هەر یەکە و بە پێی بیروڕا و بۆچوونی خۆی پێناسەی شیعریان کردووە و لەسەر یەك پێناسە هاوڕا و ڕێك و کۆك نین ، دەخەینە ڕوو . بۆیە دەتوانین بڵێین کە شیعر، شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەرە هەرە

بەرزو بەهادارەکانی ئەدەب ، وتەیەکە کێش و سەروای هەیە و لە واتایەك زیاتر دەبەخشێ و لە بەیتێکی پتر پێکدێت . باسکردن و پەیدابوونی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنێکی سروشتی ، کۆنی شیعر لە کۆنی زمانەوە هەڵقولاوە و هەوینی گرتووە ، ((کاتێك زمان گەیشتە پلەی جوانی و سوودبەخشین شیعریش سەری هەڵدا))[2] و ئەوەندە زمان جیهانگیرە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بەکاری هێناوە و بە درێژایی ڕۆژگار میللەتان گەشەیان پێداوە و پێشیان خستووە. هەر لەگەڵ پێشکەوتنی هزری مرۆڤ و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانیدا هاتووە ، لە ژیانێکی سەرەتاییەوە بۆ ژیانێکی پێشکەوتوو (ئەمەش لەبەر پەیدابوون و بەرەو پێشەوەچوونی زمان) بووە هەست بە مرۆڤانە و ئینسانیەتی خۆیان کردووە و تا هاتووە خەیاڵ و سۆزی مرۆڤ وەکو چرۆ غونچە کردووە مرۆڤی ئەو سەردەمە پەنای بۆ شیعر وتنەوە بردووە ، گەلێك وێنەی جوان ، وشەی پاراو و تەڕ و ناسك بە هۆی پێشکەوتنی زمانەوە بەکار هێناوە و سوود لە گیانی شیعرو وێنەکێشانی شیعری بردووە . دیسان هۆراس دەڵێ : (( تەنیا جوانی قەسیدە بەس نییە ، بەڵکو دەبێ ـ سیحرێکی هەبێ کە هەر کاتێك ویستی ، هەستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ))[3] . کەواتە لەبەر ئەو ڕەگەزە کاریگەرییانەی ناو شیعردا کە بیر و سۆز و ئەندێشە و شێوازی نووسینەوە دەگرێتەوە ، بۆیە لە هەر کات و ئانێکدا ، لە هەر ولات و شوێنێکدا شیعر گوتراوە خەڵك بە هەموو جۆرە پلە و پاییەکدا و لە هەر ئاستێکی ڕۆشنگەرییەکدا بووبن ، گوێیان لە شیعر گرتووە و بە تام و چێژێکی کەم وێنە گووتوویانەتەوە ، تەنانەت سەرنجی مندالأنیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە ، تەنانەت خەڵکی وا هەبوون و هەن کە گوێیان لە شیعر گرتووە ، یان خوێندوویانەتەوە ڕاستەخۆ لەبەریان کردووە و جارێکی تر وتوویانەتەوە . بۆیە شیعر لە دایکبووی هەست و سۆز و ویژدانە ، زمانی خەیاڵ و پەیوەندیی بە هەموو ئەو شتانەوەیە کە چێژ و دڵخۆشی بە مێشکی مرۆڤ دەبەخشێ . هەر لە بارەی پێناسەکردنی شیعرەوە هۆراس وا باسی شیعر و شاعیران دەکا و دەڵێ : (( مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە یاخود چێژ پێگەیاندنە ، یان لەیەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە))[4] . ئەفلاتون لەو بڕوایە بوو کە شیعر جۆرێکە لە خورپەی ئاسمانی یان شێتگیری خوایی کە تیایدا بە بیروڕای ئەو: ((شاعیرو پێغەمبەرو عاشقان بە یەك دەگەن و هێزێکی ئەفسووناوی هەیە بۆ سەر دەروونی خەڵك))[5] .

**ب) مێژووی سەرهەڵدانی شیعر :**

زۆر سەخت و ئەستەمە سەری پەتی لەدایکبوون و قۆناغەکانی پەروەردە و بالغبوونی شیعر وەدەست بهێنین ، کاتی ئەم هونەرەمانە پێگەیشت ئەوە لە قۆناغێکی پێشکەوتوو و بوونەوەرێکی پێگەیشتوو بوو ، شیعریش وەکو هونەرەکانی دی زایندەی پێویستییەکانی مرۆڤ بووە لە هەست و سۆز و خەم و پەژارەی خۆی دەردەبڕێت و ئەم پێویستییەش بۆ دەربڕینی ناخی مرۆڤ پێداویستییەکی غەریزییە لەگەڵ پەیدابوونی خودی مرۆڤەوە لەگەڵیا پەیدا دەبێت و گەشە دەکات ، هەر لە ڕوانگەیەوە ئەگەر بە وردی لە مێژووی سەرەتا و سەرهەڵدانی شیعر بکۆڵینەوە دەبینین زاناکانی بواری ئەدەب و زمان لەو بڕوایەدان کە مێژووی سەرهەڵدانی شیعر پەیوەستە بە سەردەمی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی زمانەوە ، کەواتە ، ئەوەی تا ئێستا زانست ساغی کردۆتەوە ئەوەیە کە یەکێك لە هۆ هەرە گرنگەکانی گەشەکردنی بیری مرۆڤ و گواستنەوەی لە ژیانی سەرەتاییەوە بۆ ژیانی مرۆڤانە

پەیدابوونی زمان بووە ، کە هۆیەکی تێگەیشتنی مرۆڤ و پەیوەندی کردنیان بووە بە هۆی کارەوە ، لە خوێندنەوەی مێژووی ئەدەبی گەلاندا ئەوە دەردەکەوێت بۆمان کە شیعر زۆر زۆر لە پەخشان کۆنترە و وەکو وتمان لەگەڵ سەرهەڵدانی نووسین پاش ئەوە شیعر هاتۆتە کایەوە ، هەروەکو شوکریە ڕەسووڵ دەڵێت : (( 1ـ سەرەتا وێنەیەکی خەیاڵی ئەفسانەیی بووە پێش ئەوەی مێژووی واقیعی بێت هەتا داستانەکانیش لە وێنەی ئەفسانەدا بوون پێش مێژووەکەی . 2ـ شیعر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی پتەوی بە خواندەکانەوە هەبووە کە ڕەمزی خورپە و ئیلهامیان بووە ـ وەك چۆن پەیوەندی شاعیر بە خواوەندی هونەرەوە (میوز muse) وەك لە ئەفسانەی یۆناندا باس دەکرێ . 3ـ پێشکەوتنی شیعر لە کۆندا لە شێوەی شیعری ، ویـژدانی ((گۆرانی)دا بووە ، شیعری گۆرانی کۆنترین شیعر بووە ، وەك شیعری ( مەلحەمی و شانۆیی ) هەتا ئەفلاتون زیاتر گرنگی بە شیعری ویژدانی دا وەك شیعری شانۆیی و داستانی ، شیعری ویژدانی دەربڕینێکی هەستی دەروونی بووە لە خۆشترین ئاوازدا))[6] .
زمانی شیعریش لە ڕووی مێژوویییەوە زۆر کۆنە ، هەر لەبەر ئەوەیە بۆتە تەوەرێکی گرنگی ناو بۆچوونە فەلسەفییەکان ، سەردەمی ئەفسانە و داستان بە سەردەمی شیعر ناسراوە [7].

بندتۆ کرۆتشه (1866 ـ 1952) دەڵێ : (( لەدایکبوونی شیعر ، ئەنجامی ڕابواردنێکی خۆشی ، یان ئارەزوویەکی کاتی نەبووە ، بەڵکو پێویستییەکی سروشتی بووە ، زۆر دوورە لەوەی کە بەشتێکی زیادە لە سك دابنرێ ، چونکە یەکەمین هەڵسوکەوتی بیری مرۆڤانەیە))[8] . کەواتە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و یەکەمدا زمان سەریهەڵداوە و لە شێوەی وێنە لەسەر تاشە بەرد و ئەشکەوت ، وێنەی قسەکانی کێشاوە دواتر کە بیری کردۆتەوە خەیاڵی کردووە و وردە وردە شیعری وتووە و مێژووی شیعر بووەتە بەشێك لە مێژووی زمان بەگشتی ، بەڵام سەرەتا و وردەکاری دەرکەوتنی نەدۆزراوەتەوە ، بە کورتی ، زمانی شیعر لەگەڵ مێژووی زمان دا هاوتەریبە و بەشێکی جیانەکراوەیە لە جموجۆڵی بیر و ڕوانینی ئادەمیزادی کۆن و هۆکاری دەرخستنی وێنەی خەیاڵێکە هۆیەك بووە تا خواستە دەروونییەکانی پێ دەربڕێ .

(2) شیعری نوێی کوردی لە سەرەتای حەفتاکانەوە

دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم کوردستان کرایە چوار پارچە ، هەر پارچەیەکیش لە دەوڵەتێکدا ئەگەر چی هەندێ جیاوازی لە یاسای حوکمی ئەو دەوڵەتانە هەبوو ، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان لە بازنەی ئیمپریالی ڕۆژئاوا دەخولانەوە سیاسەتی ئەوان پەیڕەو دەکرد و ئابووری وڵاتیان تاڵان دەکرد و میللەتیان دەخستە ژێر باری ڕووتی و برسیەتی و دیلیەتییەوە . بەمجۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەتەوەی کورد دوچاری دوو دەردی مێژوویی بوو بووەوە ، یەکەمیان وەکو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات لە ژێر باری کۆمەڵی چینایەتی دەتلایەوە ، دووەمیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێبەش کرا بوو ، بەڵام کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای بیستەم کۆمەڵگای کوردەواری وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بە خۆوە بینی چ لە ڕووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسییەوە بێت و چ لە ڕووی ڕۆشنبیری و سەرهەڵدانی چەندین ژانری ئەدەبی ، جگە لەوەی شیعری کوردی کۆ تی کۆنی شکاند و نوێکاری بە خۆوە بینی چ لە ڕووی ناوەرۆك یا ڕووخسارەوە .

شیعری نوێی کوردی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و توانیویەتی لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتیانە بارە ناخۆشیەکانی نەتەوەکەمان پیایدا تێپەڕیبوو بنیادی خۆی بپارێزێ ، تا دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ، نوێکردنەوە نەك شیعر ، بەڵکو ئەدەبی کوردی بەگشتی لەسەر دەستی کۆمەڵە گەنجی ((ڕوانگەییەکان)) بوو ئەمەش لە ساڵی (1970) بەولاوە ، کەواتە ((ڕوانگە)) چۆن سەریهەڵدا ؟ لە کام دەرفەتی ڕەخساو توانی (وتەی نوێ ، بیری نوێ ، کرداری نوێ) بە خەڵکی ئاشنا بکات ؟

سەرهەڵدانی ڕوانگە بۆ ساڵی (1969) دەگەڕێتەوە ، کاتێ کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا دەژیان ، لەو سەردەمەی کە هەموو دنیا هەژابوو چ لەلایەنی نوێخوازی یا لایەنی فیکری و سیاسی و فەلسەفییەوە بێت .... هتد . هەڵبەتە ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لە ئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەیش عیراق ، بەم شێوەیە نووسەرانی کورد توانییان سوود وەربگرن ئەمەش بەتایبەتی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبیدا .

لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (ئێستا)دا شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە ڕوانگە و لە ئەنجامی چی هاتەکایەوە دەڵێت : ((لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا گەڵێ بزوتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شەپۆلی نوێخوازی دنیایان گرتەوە ، فەرەنسا بوو بە ناوەندێکی دیاری ڕاپەڕین و هەستانی خوێندکاران و ڕووناکبیران و هونەرمەندان ، ئەمریکای لاتینیش بوو بە قارەی دەمە بورکانەکانی شۆڕش و یاخی بوون ، شۆڕشی چەکداری کوردی لە کوردستانی خوراوودا تەقینەوەی خۆیدا بوو ، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا جووڵانەوەی نوێخوازی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و هونەردا بە تەوژمی تازەوە هاتبوونە گۆڕێ ، نوێخوازی ((گەلەری 68)) لە میسر و پێشتریش دەوری گۆڤاری ((شیعر)) لە لبنان و ئینجا گۆڤاری (69)ی شیعری عێراق ، ئەمانە هەموویان لەو سات وەختانەدا بوون کە ئێمەی نوێخوازی کوردیش بە شاعیر و چیرۆکنووس و ئەکتەر و وێنەکێشی تەشکیلییەوە دەمانویست جۆرە تازکردنەوەیەکی هاوچەرخانە بێنینە ناو ئەدەب و هونەری کوردییەوە ، هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوك بوون بە دوو ناوەندی گرنگی ئەم بزووتنەوە نوێخوازییانە ، لە کەرکووك جگە لە ئەدیب و هونەرمەندە کۆنەکان پێشتر چەند ئەدیب و هونەرمەندی عەرەبی نوێخواز وەك (فاضل العزاوي) و (جليل القيسي) و (مؤيد الراوي) و کەسانی تر هەبوون کە ڕۆڵی بەرچاویان بۆ ئەم تازە کردنەوەیە گێڕابوو ، کاریشیان کردبووە سەر ئەو شاعیر و نووسەرە لاوانەی کە لە کەرکووك دەژیان لە شەیتەکاندا ، لە کوردستانی خوارووا ئەدەب و هونەری کوردی بە گشتی تووشی جۆرە سڕبوون و سستیەك بوو بوو ، بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانەی بڵاوەبوونەوە هەر لە بازنەی زمان و ڕوانینە کلاسیکیەکاندا دەسوڕانەوە ، ئێمە هەستمان کردبوو بەوەی کە پێویستیمان بە خوێنێکی گەرم و تازەترە ، بە زمانی دەربڕینی نوێ ترە ، بەوەیە کاژەکۆنەکانی زمانی فڕێ بدەین بەشێوەیەکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکەینەوە ، سەرلەنوێ خەریکی شێلانەوەی بین ، ئەفراندنێکی دیکەی ناو زمان و جوانکاری هەمەچەشن بخوڵقێنین ، لەو سەردەمەدا هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێمەدا بۆ (وشەی نوێ و بیری نوێ و کرداری نوێ) لە کەرکووك و کفری و شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش کۆمەڵە لاوێکی تریش کە لە سەرەتای سەرهەڵدان و نووسیندا بوون ، هەمان خولیاو هەمان عەشقی تازەکردنەوەیان لا بوو ... دواتریش لە پەرەسەندن بوو))(9) .

شاعیر عەبدوڵلا عەباس لە بارەی ((ڕوانگە))ەوە دەڵێت : ((ئەم بەیاننامەیە چۆن لە دایك بوو ؟! پێشنیازی کێ بوو ؟! ..(سەرەڕای ئەوەی سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشم ئەمە یەکەم جار نییە دەست بۆ ڕاستی سەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە دەکێشم و دەیهروژێنم بەڵکو : ـ لە چاوپێکەوتنێکا لە گەرمەی باس و خواستی ڕوانگەدا لە گۆڤاری "الثقافة"ی صلاح الخالص باسم کردووە و لە بیرمە برای ئازیز حسین عارف کاتی خۆی گلەیی لەو بارەیەوە لێکردم و تی حەزم نەدەکرد جاری خۆت لەو مەسەلانە بدەی .

ـ لە کۆڕێکی فراواندا لە هەولێر لەبەرچاوی جەماوەرێکی زۆر و بە ئامادەبوونی برایان حسین عارف و کاکە مەم بۆتانی باسم کردووە کۆڕەکە تایبەت بۆ شیعری صلاح شوان و من تەرخان کرابوو .

ـ لە چەندان گفتوگۆی دی ڕۆژنامەنووسی ئیشارەتم پێ داوە بە ئاشکرا هەر لە سەرەتاوە حکایەتەکە وەك ڕوویدا کەم دەکەم زیادی ناخەمە سەر و دەڵێم : هەوڵدان بۆ دەرچوواندنی بەیاننامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری (کە دوایی ناوی بانگەوازی ڕوانگەی لێ نرا) بە جۆرێ بێ گۆمی مەنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی بشڵەقێنێ و تین و تاو بدات بە توانای بەهرەی نوێی داهێنەرانی ئەدەبیاتی نەوەی ناوەڕاستی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بە پێشنیاز و دوای کەوتنەکار و پەیوەندی و هاندانی من و ڕەحمەتی جلالی میرزا کەریم بوو و کەس دی نە ئلقای لێ بوو ، نە بیری لێ کردبووەوە هەرچی هاتە ناو و خۆی پێوە نازاند و فرسەتی ((معنوی)) لێ بینی من و جلال هانمان دان و سەرەتا بەم جۆرە بوو ))[10] .

ئەم نوێکردنەوە لە شێوازی شیعری کوردی تا دەهات پەرەی دەسەند و بە ئاشکرا کاری دەکردە سەر بەرهەم و داهێنانی شاعیرە لاوەکان و بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی و پاش بەیاننامەی 11ی ئادار کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بڵاوبووە و دەرگایەکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدیب و شاعیران والا بوو . ئەمەش وای کرد بە ئاسانی ئەو بەرهەمانە بگاتە دەستی خوێنەران و بڵاوبوونەوەی بیری تازە و ڕێبازی نوێ لە نێوان هەوادارانی شیعر و ئەدەبی کوردی .

**(3) قۆناغەکانی شیعری پەشێو**

شیعری کوردی لە حەفتاکانا پێی نایە قۆناغێکی ترەوە ، قۆناغێکی تر لە دەربڕین ، (پەشێو) وەنەبێ لەو گۆڕانکاری هاتنە کایەی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا ، وەکو وتمان لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتای سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هەموو دنیا هەژاندبوو چ لەلایەنی نوێخوازی یا لایەنی فیکری و سیاسی و فەلسەفییەوە بووبێت ، هەروەکو شاعیرانی ئەو سەردەمە ، بە سەرەتا و دەسپێکی تەقینەوەی بەهرەی شیعری پەشێو دادەنرێت و یەکێك بووە لەو شاعیرە نوێخوازانەی دوای (گۆران) کە خاوەن دەنگی خۆیەتی چ لە بواری شێوازی شیعری بێ یان دنیای شیعر و نوێخوازی لە شیعردا ، و کاریگەری شاعیرانی سلێمانی ، گۆران و دیلان و هەردی زۆر زەق لە شیعرەکانیا دەردەکەوێت ، پەشێو خۆی دان بەم ڕاستییە دەنێت و دەڵێت : ((من شیعرێکی هەردی و گۆران بەهەموو دنیا نادەم ، کاتی خۆی هەموو ڕازی تەنیایی هەردیم لەبەربوو و تا ڕادەیەکی زۆریش بە حاجی قادری کۆیی کاریگەر بووم))[11] .

ئەگەرچی بەشدار نەبوو لە بەیاننامەکەی (ڕوانگە)ییەکان ، بەلاّم ئەو سۆز و عاتیفەی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە شیعرییە دەجوولاّیەوە ، بەلاّم هەر خۆی بیر و بۆچوونی نێگتفی بەرانبەر بەو بەیاننامەیەی هەبوو ، لەم بارەوە پەشێو دەڵێ : ((قەناعەتیشم وایە ئەو بەیانە دەرچووبایە یان دەرنەچووبایە هیچ کاریگەری لەسەر ڕەوتی ئەدەبی نەبوو))[12].. ئەو هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە شێوازێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیڕەو کرد ، چ لە ڕووی بنیادی زمانەوە چ لە ڕووی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی شیعرییەوە بێت تاقیکردنەوەی تایبەت بەخۆیە هەیە ، کوردستان سەرچاوە و هەوینی شیعری و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعری شاعیر (پەشێو) بووە ، لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت : ((سەرچاوەی شیعریم کوردستانە بە گشتی من تا ئێستاش کوردستان وەك ولاّت دەبینم))[13] .

(پەشێو) سوود لەو گۆڕانکاریانەی سەردەمی خۆی بینیوە و بەڵکو ڕۆڵێکی تایبەت و باشی نوێخوازی لەو قۆناغەدا بینیوە توانای شیعری لە فەزایەکی دیار و سەرکەوتووانە گەشەی سەندووە و بابەتە شیعرییەکانی گۆڕانی بەرچاو بەسەردا هاتووە و هەنگاوی باشی ناوە لەم بوارە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بە شیعری تازە و کاریگەر و داهێنان ناو و نازناوی تایبەت بەخۆیەوە هەبێت . وە بۆ سەلملندنی ئەم بۆچوونەمان پشت بە بیروڕای چەند شاعیر و ڕووناکبیرێکی لای خۆمان دەبەستین و دەیانخەینە ڕوو ، لەم بارەیەوە شاعیر شێرکۆ بێکەس ، کە خۆی یەکێك بووە لە بزووتنەوەی ڕوانگە ، بەلاّم ڕۆڵی (پەشێو) بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت : ((ئێمە ناتوانین باس لەو تەوژمی نوێخوازییە بکەین ، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا هاتە ناو دنیای شیعری کوردییەوە ، ئەگەر باس لە بەهرەی ئەفراندنی (پەشێو) نەکەین ! بەتایبەتی ئەو چرایەکی ئەم نوێکردنەوەیە و ڕوانینە تازەیە بوو ، لە دەڤەری هەولێردا نوێکردنەوە بە مانای زمانی دەربڕینێکی جیاواز ڕوانینت بە مانای جیهانبینییەکی تر))[14] .

ئەگەر بە وردی سەیری زمانی شیعری لای شاعیر (پەشێو) بکەین دەبینین کە وشەی سادە و دوور لە هەر جۆرە ئاڵۆزی و بە زمانێکی پوخت و پاراو ئەوپەری تام و چێژی بە شیعرەکانی بەخشیوە و هەروکو گووتمان سوودیش لە شاعیرانی پێش خۆی بینیوە و بە زمانێکی سادە و ساکار و پڕ واتا دەدوێت، کە ئەمە دیارترین سیمای نوێبوونەوەبە لە شیعرەکانی پەشێودا، هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە دا . عەبدوڵلاّ حەداد لە بارەیەوە دەڵێت : ((زمانی شیعری پەشێو ئەو وێنە شیعرییە جوانانەی داهێناون ، دیارترین سیمای نوێبوونەوەیە لە شیعرەکانی دا))[15].

سەبارەت سات و وەختی نووسینی هۆنراوەکانی ، ئاخۆ هۆنراوەکانی بەپێی قۆناغی زەمەنی دیار هەڵبژاردووە و نووسیوونی ، یان پەیوەندی بە ئەزموونی شیعرییەوەی هەیە ؟ لە وەڵامدا پەشێو وتی : ((لەسەر پانتایی ژیانی شیعرییم درێژ دەبن ، لەدایك دەبن ، نەشونما و گەشەدەکەن ، بەلاّم بە پێی تەمەن جیاواز دەبن ، لەوانەیە شیعرێك کاتێکی درێژ پاش شاعیر بژی ، یان پێش خۆی لەناو دەچێ ، بەڵو هەندێ جار بە مردوویی لەدایك دەبێ ! من لەوانەم شەرم لە "ساوابوونی" هۆنراوەکانم ناکەم ...))[16].

هەروەها کاریگەری دوورە ولاّت و ژیانی تەراوگە و شوێن و فەزای غوربەت بە ڕوونی لە شیعرەکانی زوربەی ئەو شاعیرانە و بەتایبەت لای شاعیر (پەشێو) ڕەنگیان داوەتەوە و تازەگەری لە شیعرەکانیا بەتەواوەتی هەستیان پێدەکرێت و و ئیلهامی لە جوانی کوردستان و فولکلۆری وەرگرتووە ، هەر

بۆیەکە د. کەمال مەعرووف وا لە بارەی پەشێوەوە دەڵێت : ((پەشێو لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان یان بڵێن سەرەتای دەستپێکردنی شیعری (شەونامە) و (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم) وەکو شاعیرێکی تازە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە شیعری نوێی کوردیدا ، شیعرەکانی چ لە ڕووی ڕوخسارەوە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانێکی گەورەی بە خریەوە بینیوە ، (پەشێو) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە سەرەتای شیعردا بایەخی بە جوانی دەدا .))[17].

(پەشێو) ئەو دەنگە نوێخوازە بوو ، کە لە دەڤەری هەولێر سەری هەڵدا و توانی ئەو نوێکردنەوەیە کە لە سلێمانی و کەرکووک سەریان هەڵدا و لەلایەن شاعیرە لاوەکانی ئەو دوو دەڤەرە پەیڕەو دەکران بیگوازێتەوە بۆ هەولێر و زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی خۆش بکات . هەر لەم بارەوە شاعیر لەتیف هەڵمەت ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە (پەشێو) دەوری سەرەکی باڵای هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەتایبەتی لە دوای ساڵانی حەفتاکان دا لە دەڤەری هەولێر دا و ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە پەشێو بە نوێخوازی ڕەها نییە و بڕوای بە نوێخوازییەکی سنووردارە لە شیعردا ، ئەمەش نەك هەر بیرو بۆچوونی (پەشێو) بێت ، بەڵکو ئەم بۆچوونە ڕای زۆر لە شاعیرانی میللەتانی تریشە وەك شاعیرانی لای (فارس و تورك و عەرەب)[18].

بۆیە کە باس لە ئەزموونی شیعری تازە کوردی دەکەین و ئەو قۆناغەی پیا ڕەت بووە ، (پەشێو) شوێنێکی دیاری هەیە لەو قۆناغە دا و وەکو هەموو شاعیرانی دی بەچەند قۆناغی جیاجیا گوزەر و تێپەڕیوە و هەر قۆناغێکیش بەند بووە بە بارودۆخی وڵاتەوە بە گشتی و ئەو دەڤەری شاعیر تیا ژیاوە بەتایبەتی . بۆیە بەڕای ئێمە شاعیر بە سێ قۆناغی شیعری جیا تێپەڕیوە و لە هەر قۆناغێکیشدا کۆمەڵێك شیعر یان دیوانی بڵاوکردۆتەوە و کاریگەری خۆیان هەبووە لە سەر عەودالانی شیعری نوێی کوردی .

**قۆناغی یەکەم :** پەشێو لە نێوان ساڵانی (1965 ـ 1973)دا ، لەم قۆناغە چالاکی و گەرم و گوڕییەکی تەواو پێوە دیار بوو ، چونکە سەرەتای هەڵقوڵینی بەهرەی نووسینی شیعر و سەردەمی لاویەتی بوو ، ئەو دیوانانەی بڵاویان کردەوە لەو ماوەیە ئەمانە بوون :

1ـ فرمێسك و زام : ئەمە نۆبەرەی شیعرەکانیەتی کە لە ساڵی 1967 بڵاوی کردۆتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی گەنجایەتی ، کۆی شیعرەکانی ئەم دیوانە (19) پارچە شیعرییە و ڕێبازی ڕۆمانسییەتی پەیڕەو کردووە لەو شیعرانە باری سیاسی تیا ڕەنگیان داوەتەوە ، بەڵام شیعری دڵدارییان زیاترە .

2ـ بتی شکاو : دووەم بەرهەمی شیعریەتی و لە ساڵی (1968) بڵاوی کردۆتەوە ، (16) پارچە شیعری لەخۆ دەگرێت .

3ـ شەوانەی شاعیرێکی تینو : ئەم دیوانە لە (23) پارچە شیعری تەڕ و ناسك پێکهاتووە و وەکو شاعیرێکی نوێخواز هاتۆتە مەیدانەوە و بە تەواوەتی گۆڕانکاری لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانیا دیارە و هەنگاوی بەرەو نوێخوازی لە شیعر وتنەوەدا ناوە و نازناوی زیاتر لە ئاسمانی شیعر درەوشاوەتەوە و کۆمەڵێك وێنەی شیعریی جوانی بەکارهێناوە لە شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەی دا . 4ـ دوانزە وانە بۆ منداڵان : کۆمەڵە شیعرێکی ئێجگار دڵرفێن و جوانن و هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرییەی خوێنەرێکی باش بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و تیایە هەستی نەتەوایەتی لای تاکی

کورد بەهێز کردووە و هەروەك پەشێو خۆی دەڵێت : (( خاڵی وەرچەرخانم (دوانزە وانە بۆ منالاّنە) پێم وایە ئەوەم بۆ منالاّن نەنووسیبا و لە کەرکووکیش نەمخویندبایە ئەو بایەخەم پێ نەدەدرا ، چارەنووسی من چ وەك مرۆڤ چ وەك شاعیرێکی تر دەبوو))[19].

**قۆناغی دووەم** : پەشێو لە غەریبایەتی و دوورە ولاّت (1973 ـ 1990) لە دوای ساڵی 1973 پەشێو کوردستان بە جێ دێڵێ و بۆ تەواوکردنی خوێندن ئەکادیمی لە بواری ئەدەبی کوردیدا ڕوو دەکاتە یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە و بەهۆی سەرقاڵی بە خوێندن و دابڕان لە شاعیرە نوێخوازەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا تەنیا یەك کۆمەڵە شیعری بلاّوکردەوە ، ئەم قۆناغەش درێژەپێدەری قۆناغی یەکەمە ، بەلاّم لەم قۆناغەدا زیاتر وێنەی جوان و سەرنجڕاکێشمان بۆ دەکێشێت ، دیوانەکەی بریتییە لە : (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم) ، و ساڵی 1980 لە بەغدا بلاّودەبێتەوە و (65) پارچە شیعر لە ئامێز دەگرێت ، ئەم کۆمەڵە شیعرە جیاوازە لەوانی تر ، چونکە دابەش کراوە بۆ دوو بەش ، بەشی یەکەمی ئەو شیعرانەی لە خۆگرتبوو کە لە ناو ولاّت نووسیبوونی بە ناوی (ڕۆژ نییە لێتا تووڕە نەبم) هی سالاّنی (1973 و 1976)ن و ژمارەی شیعرەکانی (13) شیعرن . بەشی دووەمی شیعرەکانی هی دەرەوەی ولاّتن بە ناوی (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم) و ژمارەیان (52) پارچە شیعرن و سەرجەم شیعری ئەو دوو قۆناغەش لە ساڵی (2006)دا بەیەك دیوان بلاّوکردۆتەوە بەناوی (پشت لە ناوو ڕوو لە کرێوە) .

شاعیر ئەنوەر مەسیفی دەربارەی دیوانەکەی پەشێو (دوانزە وانە بۆ منالاّن) لەو بڕوادایە کە پەشێو زیاتر وەك شاعیرێکی نوێخواز دەرکەوتووە و بەهۆیەوە پتر بە ڕووی خەڵك ئاشنایەتی پەیدا کردووە و دەڵێت : ((دەورێکی کاریگەری هەبوو ، کە منالّی کوردی فێری کوردایەتی ، خۆشەویستی نیشتمان ، جوانی کوردستان دەکات))[20].

**قۆناغی سێیەم** : قۆناغی دوای ڕاپەڕین (1991 ـ 2006) : بێگومان دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواری و کوردایەتی ڕوو دەدات و کوردستان ڕوو لە قۆناغێکی نوێ دەکات ، ئەو گۆڕانکاریەش بێگومان لایەنی ئەدەبیش دەگرێتەوە و کاریگەری خۆی دەبێت لەسەری ، هەر لەو چەند سالاّنە گەلی دووچاری کێشەی ناوخۆیی دەبێتەوە ئەویش شەڕی براکوژی بوو ، بۆیە ئەم قۆناغە بۆ شاعیر و نووسەران جیاواز بوو لە قۆناغەکانی دی ، هەندێکیان وشەی زبر و بگرە وشەی ناخۆش و جنێویشیان لە بەرهەمەکانیان بەکار دەهێنا و دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا ، کەچی پەشێو لەم بارەوە توانی جڵەوی خۆی ڕابگرێت و سەنگی تەرازووی خۆی بەلای هیچ یەك لەو بەرانە نەشکێت و بەتەواوەتی دژی ئەو جۆرە شەڕ و جنێودانە بەیەکتر وەستا و دژی ئەو جۆرە شەڕانە بوو .

دیوانی برا کوژی : پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 و لە ساڵی 1992دا و پاش (19) ساڵ دوورکەوتن و دابڕان لە خاکی نیشتمان ، پەشێو دەگەڕێتەوە ولاّت ، و بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی (1994) دێتەوە بۆ نیشتمانەکەی و لەو سەردەمە ولاّت تووشی شەڕی ناوخۆ بووبووەوە ، لەو سات و کاتانەدا دیوانێکی بەناو (دیوانی برا کوژی) بلاّوکردەوە کۆمەڵێك شیعری سیاسی تایبەت بوو بە قۆناغە دیارەکانی گەلی کوردەوە بوون و لێرەدا خودی پەشێو ئەوەمان پێ دەڵێت : ((چارەنووسی برا

کوڕی زۆر لە چارەنووسی (دوا وانە بۆ منالاْن) نزیکە ئەگەرچی مەودای دوور و درێژ لە نێواندایو ، بەلاْم هەردووکیان لە بارودۆخی سیاسی لە ڕادەبەدەر و ئاڵۆز لەدایك بوون))[21].

دیوانی بروسکە چاندن : دوای بیست ساڵ دابڕان لە بلاْوکردنەوەی بەرهەمی شیعری ، کۆمەڵە شیعری (بروسکە چاندن) دەخاتە بەردەست و دیدەی خوێنەرانەوە ، ئەم دیوانە (80) پارچە شیعر لەخۆ دەگرێت ، کە سالاْنی (1973 ــ 1989) نووسراون و لە ساڵی (2009) لە چاپ و بلاْویانکردۆتەوە ، ئەم دیوانە داڕشتەی زۆر کورتە و مانای قووڵ و فراوان دەبەخشن و هۆکار و کاریگەری چەند ساڵی دابڕانە لە هۆنینەوەی شیعر ، پەشێو دەڵێت : ((ماڵ بە کۆڵ و تەنهایی و دڵەڕاوکێی خۆم هۆی بنچینە پشوودانە درێژەن))[22].

دیوانی بەرەو زەردەپەڕ : لە ساڵی (2001) بلاْوی کردۆتەوە ، ژمارەی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە (83) شیعرن و بەرهەمی سالاْنی (1989 ـ 2001)ن ، لێرە شاعیر هەست بە غوربەت و نامۆبوون لە دوور ولاْت دەکات . لەم دیوانەی دا پەشێوی شاعیر وێنەی شیعری ڕەنگین و وشەی سادە و زمانێکی ناسك و پاراوی بەکارهێناوە بەشێوەی جەڤەنگ و شیعرەکانی لەم دیوانە زۆر جیاوازن لەگەڵ شیعرەکانی ناو دیوانی برا کوژی دا و زیاتر پەنای بردۆتە بەر فولکلۆر و سوودی لێ بینیوە .

لە دیدارێکدا لەگەڵ ئەحمەد میرە دا ، پەشێو بەم شێوە دەدوێت : ((قۆناغی ئەو دواییە زۆر دڵ ڕەقم بەرامبەر بە خۆم بەهیچ شتێك دڵم ئاو ناخواتەوە ، پێم وایە گرانترین شتیش شیعرە ، چونکە لە هیچ شتێك پێرفێکت نییە ، بۆیە دەترسم شت بلاْوبکەمەوە زۆر حەساس بووم و نازانم ئەوە نەخۆشییە ...))[23].

دیوانی بروسکەی ئاشقێکی زگماك : ئەم دیوانە شیعرە لە ساڵی (2006) بلاْوکردۆتەوە و (26) پارچە شێعر دەگرێتە ئامێزی خۆی ، لەم شیعرانەی دا زیاتر بیر لە ولاْت و دوورە ولاْت و یادکردنەوەی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی دەکاتەوە .

**تەوەری دووەم**

**1. ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر پەشێو**

**ناوی تەواوی پەشێو** : پەشێوی شاعیر ناوی (عەوبدوڵلاْ کوڕی مەلاْ شێخ محەمەدی عومەری بێرکۆتی)یە باوکی مەلای گوندی بێرکوت بووە ، بە گوێرە پێناسەکەی لە ساڵی (1946)[*] لە گوندی بێرکۆتی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە . پەشێو خۆیشی ئەوە دووپات دەکاتەوە . بۆ خوێندنیش دەچێتە شاری هەولێر و برەو بە خوێندن دەدات ، هەڵبەت لەو سەردەمانە خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە لە قوتابخانەکاندا و هەر لە شاری هەولێر خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیی تەواو کردووە . لە ساڵی خوێندنی (1968 ـ 1969) بڕوانامەی لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر بەدەست هێناوەو ئەو سەردەمە خوێندن لە پەیمانگای مامۆستایان یەك ساڵ بووە ، لە ساڵی (1970) بۆ یەکەم جار لە گوندی (کەنداڵ) دادەمەزرێت وەکو مامۆستاو دواتر لە گوندی (عەلیاوە) وانە دەڵێتەوە و دوای ساڵێك دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی (هەردی) لە هەولێر و دواتریش لە قوتابخانەی (ڕوناکی) تا ساڵی (1973) مامۆستا بووە . لە ساڵی 1968 بە شیعری (دوانزە وانە بۆ منالاْن) بەشداری میهرجانی یەکەمی شیعری کوردی دەکات لە شاری کەرکووك و دەبێتە مایەی سەرسووڕمان

و کێشانی خوێنەران بۆ لای خۆی ، لە کۆتایی ساڵی (1973) بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی باڵا ڕوو دەکاتە یەکێتی سۆڤیەت و لەوێ دەگیرسێتەوە و لە پەیمانگەی (موریس توریس بۆ وەرگێڕان) لە مۆسکۆ دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکات و لە ساڵی (1983) بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی وەدەست دێنێ .

(پەشێو) یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخە ناودارەکانی کورد و هەروەها یەکێکە لەو شاعیرە بەناوبانگانەی گەلەکەمان کە دەوری باڵای هەبووە لە نوێکردنەوە و پێشخستنی شیعری لەبەر ئەوەی کراوە و زانیارییەکی باشی هەبووە لەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی و ڕووسی ئەورووپیدا ، هەڵویستی دیار و نەگۆڕاو و شۆڕشگێڕانەی هەبووە شان بەشانی خەباتی گەلەکەی و گەلانی مرۆڤایەتی .

لە دیمانەیەکدا کە گۆڤاری (الثقافة الجديدة) لەگەڵیا سازی کردووە و لە وەڵامی پرسیارێك : ((ئێستا عەبدوڵڵا پەشێو لە کوێ دایە ؟ پەشێو دەڵێت : ـ من هەم ، لە فنلەندا دەژیم ، بوونی هەمیشەییشم لەناو هەڵبەست و خەمی خۆم و نیشتمان و مرۆڤایەتیی دایە و سەرگەرمی لە چاپدانی چوارەمی سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانم بە کوردی .

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت شیعری کوردی ئەمڕۆ چۆن دەبینی ؟ نەوەکان ؟ ناوەکان ؟ ئاستی شیعرەکان ؟ ئاخۆ بزاڤێکی نوێخوازی بەدی دەکرێت نەوەی نوێ لە شاعیران ئالاکەی بەرزبکەنەوە ؟ لە وەڵامدا پەشێوە وتی : (( بە ڕاستی ئەمە پرسیارێکی قورس و ئاڵۆزە ، لە نووسینی شیعردا یەکەم شت پێویستی بە شارەزاییە بە ئامێر و کەرەستەکانی شیعر ، و گرنگی زمان ، جەنگاوەر ناتوانێ بچێتە بەرەی جەنگەوە بەبێ چەك و جەنگی شیعریش زمان چەکەکەیەتی ، ئاخۆ نەوە تازەکانمان چۆن مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکەن ؟ بەڵێ لەوێدا هەندێ ناو هەن لە نەوە تازەکان بەردەوامن لە نووسیندا بەتایبەت نەوەکانی هەشتاکان نووسینی باش و دیاریان هەیە هەندێکیان شارەزایی لە زمان و بەتایبەت شیعرەوە هەیە و ئاگایان لە دابونەریتی شیعر هەیە و نەوەیەکی پڕ بەخشندەن بەڵام نامەوێ ناوی کەس بهێنم نەخوازە ناوی یەکێکانم لەبیر بچێت ، ئەما نەوەکانی نەوەدەکان ئەمانە چاویان بە مانگی دەستکرد کردەوە ، ئینجا ئەنتەرنێت ..))[24].

2. ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرەت و نیشتمان) لای شاعیرانی ڕۆمانێتیك ، گۆران وەك نموونە :

شاعیرانی کورد تا ڕادەیێك بارودۆخی کورد و ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعردا دەربڕیبوو ، بەمە کارێکی گەورەیان کردبووە سەر مشتوماڵکردنی بیر و باوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژیانی بەختیاری بۆ گەل پیشان دابوو ، لەلایەکی تریشەوە دەربڕینی سۆز و عاتیفەت و خۆشەویستی بۆ ئافرەت و نیشتمان لایەنێکی تری پان و بەرین لە شیعری شاعیرانی کورد گرتۆتەوە و ئەم جۆرە خۆشەویستییە زۆر جاریش بە خۆشەویستی ئەفلاتونی دەناسرێت و هەر لەم پێودانگەوە خودی ئەفلاتون ئەوەمان پێ دەڵێت : ((شاعیر ، بوونەوەرێکی پیرۆزی ناو حەوت تەبەقەی ئاسمانە ، جووتی باڵی هەیە ، هەتاکو سرووش و ئیلهامی پێ نەبەخشرێ ، ناتوانێ داهێنان بەرپا بکات ، هەر ئەو کاتەش ، ئەقڵ و هۆشی خۆی بزر دەکات ، هەر لێرەشەوە ، ئەو کاتەی ئادەمیزاد ئەقڵی خۆی بزر

نەکاو هۆشی لەلای خۆی نەمێنیَ ، ئەو کاتە توانای هۆنینەوەی شیعری نابێت و ناشتوانیَ پێشبینیی شتی نادیار بکات .. بۆیە ئەم ئادەمیزادانە ، هەرگیز توانای ووتنی ئەم شیعرە نایاب و بەرزەیان نابیَ ، تەنیا ئەوانە نەبن کە خۆیان لە خۆیاندا شاعیرن...))[25].

ئەم وتەیەی ئەفلاتوون بە تەواوەتی ڕاستە ، چونکە خۆشەویستی ، هەر جۆرە خۆشەویستییەك بووبێت ، گەر لە ویژدانی خودی مرۆڤەوە هەڵنەقوڵابێت ، ئەوە ناکریَ بە خۆشەویستی ڕاستەقینە بزانرێت ، بۆیە خۆشەویستی جۆرێکە لە پێداویستی بوونی ژیان و مانەوەی مرۆڤ فەرزی دەکات و ئیلهام لەو خۆشەویستیە ئەزەلییە وەردەگرێت و بە باڵی خەیاڵ بەرەو ئاسمان بەرز دەفڕێت .

گۆران هەر لە تافی منداڵی و سەردەمی لاوێتییەوە خۆشەویستی لای پیرۆز بووە ، خۆشەویستییەکی پاك و بێگەرد ، هەرچەندە تێڕوانینی بۆ ئافرەت گۆڕاوە لە نیگایەکی پاك و بێنازەوە بۆ قۆناغی ئارەزوو و هەوەس ، ئەم خۆشەویستییەی دواتر زۆر زەق لە شیعرەکانیا ڕەنگیان داوەتەوە و بەدی دەکرێن و دواتریش لە قۆناغی ڕۆمانسیەتدا پەیوەندییەکی هەستیار بە جیهانی دەوروبەری خۆی هەبووە ، کە ئەو پەیوەندییەش جوانی ئافرەتە و زۆر لەلا پیرۆز و ڕێزی لێی گرتووە و بایەخی پێی داوە و ئەو جوانیە بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی شیعر وتنەوەی بۆ جوانی ئافرەت ، گۆران وەك خۆی دەڵیَ : دڵێکی بە پەرۆشی بۆ ئافرەت هەیە و زەبوونی دڵە .. ئەو ناتوانیَ بۆ لەحزەیەکیش بیَ چاو لە جوانی بتروکێنیَ ، جا چ لەسەرەڕێیەکا بە ئافرەت گەیشتبیَ ، یان قولنجێکی عەباکەی لاچووبیَ و لەشولاری دیبیَ ، یا ماوەیەکی دوور و درێژ دڵداری بوو بیَ ، ئەمانە لە ڕووی جوانی پەرستیەوە ، هەمان کاری گەورەیان کردۆتە سەر هەستی شیعریانەی وروژاندووە و لەناو دەروونیدا گلپەی سەندووە و تا هاتووە هێز و تینی بەرانبەر بەو خۆشویستییە پەرەی سەندووە :

ژنە لە جیلوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا تەعزیز
ژنە کە قووت نەخاتە خەیاڵی ڕەقص ئەنگیز
ژنە مووەللیدی عیشق و ژنیشە عەشق نەواز
ژنە کە تاری ڕوبابی حەیات ئەکا تەهزیز !
سەمایی واسیعی دڵ گەر لە ژن بکەی خاڵی
تەجەللیاتی بەدائیع غروب ئەکا ، دەیجوور
بەسەر سەمایی تەهی دا گوشاد ئەکا باڵی
لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبیَ تەبەسومی نور! [26]

بە پێی بە دواداچوون و پیاچوونمان بە ناو دونیای شیعری کوردی ، دەتوانین ئەوە بڵێن کە شاعیرانی بەگشتی و گۆران بەتایبەتی ، جوانی ئافرەت کانگای هەموو شت بووە لای و جوانی سروشت هەر لە جوانی هەر ئەوینی لە جوانی ئافرەتەوە بووە .

ڕەفیق حیلمی لە بارەی گۆرانەوە بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت : ((هەست بەوە ئەکا ، کە جوانی ئافرەت کانگای هەموو جوانییەکانی تەبیعەتە وە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە ئەکریَ کە لە تەبیعەتدا جوانی هەیە))[27].

مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە کتێبی ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی دەڵێت : ((گۆران ئەیەویَ لە وەسفی دیمەنی جوانیی ئافرەت وەیا ئافرەتێك بکا ، بە سەرە پیا دێتە خوارەوە و ئەو شتە جوانانە کە بەلای ئەو و سروشتەوە جوانن و چاوی پیان کەوتووە ئەیانهۆنێتەوە بۆ ئەوە لە ئەنجام دا بێتە سەر جوانیی مەبەستەکەی ! هەروەها سەجادی دەڵێت : ((گۆران توانی ئەدەب

هەڵبگێرڕێتەوە ، ڕووپەڕرەی كلاسیك بداتە لاوە و بیكا بە ڕۆمانتیك ! . وەكوو لەم پارچە هۆنراوەی دا سەیر ئەكەین لە كاتێكا كە لە ژێر ناوی ((ئافرەت و جوانی))دا نیازەكەی دەر ئەبرِیٚ و ئەڵیٚ :

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە
شونمی درەخت لە ڕووم ڕژاوە
لە زەردەی زۆر كەل سەرنجم داوە
پەڵكە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر ))[28] .

مامۆستا جەعفەر لە كتێبی مێژووی بیری كوردی دەڵێت : (( گۆران لە سییەكاندا شەقڵی نەتەوەیی بە شیعرەكانیەوە دیارە ، بەشێكی تریان زۆر ڕۆمانتیكی وناسكن ، كەچی شاعیر لە تەمەنی (45) بۆ سەرەوە وەكو ئەندامێكی حیزبی ئایدلۆجیا و دروشمی حیزبی دەكاتە بابەتی شیعر ، هەرچەند من دڵنیام شاعیر بەپێچەوانەی چێژ و سەلیقەی شیعریی و ئیستێتیكی و تەكنیك و سەبكی تایبەتی خۆیەوە شیعری نووسیوە !؟ ))[29] .

گەر بێت و چاوێك بخشێنینە شیعرە كلاسیكییەكانی گۆران دەبینین زۆر كەمن و كاریگەری شاعیران نالی و سالم و كوردی بەسەریەوە ئاشكران و ماوەیەكی كورت بەو شێوە و ڕێبازە شیعری گووتوە ، شیعرەكانی تری ڕۆمانتیكین ، لەبەر ئەوەی ئینگلیزی زانیوە سەرچاوە و تیۆری لەسەر رۆمانتیكی خۆیندووەتەوە ئاگای لە گۆڕانكارییەكانی دنیای ئەدەب بووە ، پەنای بردۆتە بۆ بەكارهێنانی كێشی خۆماڵی (پەنجەیی) و زیاتر بەكارهێنانی وشەی كوردی ڕەسەن و دووركەوتنەوە لەبەكارهێنانی وشەی بیاگانە ، هەڵبەت فلكۆریی كوردیش بەتەواوەتی لە شیعرەكانی شاعیرانی ڕۆمانتیكی جێی خۆیان و ڕەنگدانەوەی هەبووە .

لە بارەی شیعری سروشت و جوانی ئافرەتەوە گۆران بەسەر كاروانی شاعیرانی سروشت و جوانی ئافرەت دەژمێردرێت بەرهەمی بەرز و نایابی لەم بوارە شیعرییە هەیە ، لەم ڕووەوە دكتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوول لە بارەی (گۆران)ەوە دەڵێت : (( گۆران ماوەیەكی زۆری لە تەمەنی شیعری خۆی بۆ ژن و جوانییەكەی تەرخان كردووە و لەو مەیدانەدا بەرهەمی زۆری هەیە و لە وەسفەكانیدا لە وێنەیەكی واقیعی جوانی ژن دەرناچێ و بەداهێنان و خوڵقاندنەوە ئەوەی كردووە و... گۆران كاراماترین كەسێكە كە وەسفی واقیعی چنی كردبێ ))[30] .

گۆران لە ڕووی خۆشەویستی بۆ نیشتمانەكەی دەستێكی باڵای هەبووە و ئەوینی بۆ نیشتمانەكەی كڵپەی سەندووە و نەكوژاوەتەوە و هەمیشە لەگەڵ ئامانجەكانی گەلەكەی بووە دژی ئیستعمار و داگیركەر ، ئەوەتا بۆ بیرەوەری دووەمی ڕۆژی 6ی ئەیلوول ، واتە لە ئەیلوولی 1932دا ، بەم شێوەیە لە كارەساتەكەی بەر دەركی سەرای سلێمانی دەدوێ :

هەزار و نۆسەد و سی بوو ، شەشی ئەیلوول كە ڕۆژ هەڵهات
غریوی ویستنی هەق كەوتە ناو شاری سلێمانی
هەڵۆ بەگ ئەو جووانەی پڕ دڵی بوو بوو وەتەن ئاوات
لە پێش جەمعێكەوە ، تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی

**لەگەڵ یارانی ئەیووت : ئەی حوکوومەت ! تا نەکەی تەسبیت**
**حقووقی کوردەواری ، نایەوێ کورد ئینتیخابات**
**ئەوانەی بانگ کران و تۆ بە قووەت دەوریان ئەگریت**
**دەنی و قازانج پەرستن ، هیچ نەبێ پێیان موبالانت** (31)

**ئەم شیعرەی گۆران لە ڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە جیاوازی لەگەڵ شیعرەکانی شاعیرانی پێش خۆی هەیە ، گۆران لێرەدا بۆ شەهیدەکان ناگری ، بەڵکو دەوری شەهیدەکان و قارەمانێتییان پیشان دەدا و ئەوە دەردەخا کە ئەم ڕاپەڕین و هەڵسانە بۆ سوودی گشتیی نەتەوەی کورد بووە .**

**گۆران لە شیعرەکانیدا ڕێگای پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیان و گوزەرانی نەتەوەکەی بۆ خۆی کردۆتە ڕێبازی دەربڕینی خەم و پەژارە و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلەکەی هاتووە بە دەست دواکەوتوویی و تەنانەت داگیرکەران و ستەمکارانەوە دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت :**

**بەری ڕەنجی عومری درێژ**
**گشت کەوتە لای ئارەق نەڕێژ**
**کردەم بردەی کومپانی بوو :**
**هەم ڕەنجم چوو ، هەم نەوتم چوو** (32)

**هەروەها د. مارف خەزنەدار لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەی لای خوارەوەی گۆران دەڵێت : ((ئەگەر بێتو لە دوا ڕۆژدا ئەم دوو مەرجە لێك بدرێن کوردستانێکی ئاوەدان دروست دەبێت ، مەرجەکانیان یەکێکیان دەستکردە ، سازدان و بیناکردنی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو بەختیار لایەنەکانی ژیانەوە ، ئەو جوانیە بێ هاوتاییەی سروشت داویەتییە ئەو خاکە ئەو کاتە ئاواتی زێڕینی گۆران دێتە دی .**

**بەڵێ ئەگەر بێتو ڕۆژی لە ڕۆژان**
**لە کۆشتاڵێك بدەین جوانی هەردووکیان**
**ئەو هەلە سەرانسەر ئەبێتە بەهەشت**
**لە لووتکەی شاخەوە تا پانی دەشت**
**کوردستان ، کوردستان کوردستانی جوان**
**ڕەگیش بێتە دی ئاواتی گۆران** (33)

3. ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی (ئافرت و نیشتمان) لای عەبدوڵڵا پەشێو

**خۆشەویستی ئافرەت : هەر لە کۆنەوە شیعر لە هەناوی ڕاچەڵەکین و سەرسامبوون و ترسی مرۆڤ لە دیاردەکانی سروشت و ئەم کەونە پان و بەرینە ئەوانەی دەوروبەری خۆی بوون لەگەڵیان دەژیا ، نەشونمای کردووە ، خۆشەویستی هەستێکی زیندووە و تایبەتە بە خودی مرۆڤەوە و هەر لە کۆنی کۆنەوە خۆشەویستی سەریهەڵداوە و لەگەڵ خودی مرۆڤ پەیدا بووە ، بۆیە گەڕانەوە بۆ بەهاکانی خۆشەویستی ئافرەت و نیشتمان بەتایبەتی لە شیعردا ڕەنگیان داوەتەوە . لە شیعری نوێدا هەندێ لە شاعیران کە باسی خۆشەویستی ئافرەت یان خۆشەویستی سروشتیان کردووە ، کە ئەمەش بەشێکە لە نیشتمانەکەی ، بابەتیانە نیگایان بۆ ئەو خۆشتەویستییە کردووە ناخیانی هەژاندووە و لە کانگای دڵەوە باس لەو خۆشەویستییە لە بن نەهاتوویان کردووە و لە شیعرەکانیان ڕەنگیان داوەتەوە و ئەو خۆشەویستییە هەر لە کۆنەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و بەتایبەت لە شیعری کوردیی پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە ، چونکە خۆشەویستی ئافرەت و نیشتمان بۆتە بنچینەی ئیلهام و**

خورپە لای شاعیران و لەم ڕووەوە شاعیرانی کوردیش ئەسپی خۆشەویستی خۆیان تاو داوە بە شیعری دڵڕفێن و ناسك باس لە ئافرەت و نیشتمانیان کردووە .

لە شیعرەکانی قۆناغی سالآنی پەنجاکان و بەدوادا ، ئافرەت وەك مەسەلەیەکی دیار و گەورە لە شیعرەکانی شاعیرانی ئەو سەردەمانە دەرکەوتووە ، وەك ئەوەی بوویێتە خاوەنی هەڵوێستی خۆی و خواست ئیرادەی بەدەستی خۆی بێت ، بەو شێوەیە ڕەنگی دایەوە لە شیعری شاعیراندا و بووە بەشێك لە واقیعی نەتەوە یا کۆمەڵگا و بەشداری کردنیان لە مەسەلەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیدا ، بۆ گۆڕینی باری ژیانی کۆمەڵگا و ئاسوودەیی و دادوەری بۆ خەڵکی .

شاعیرانیش وەکو چینێکی هەست ناسك و هەستیار بە خەیاڵی ڕۆمانسییەوە هەموو سنوورەکان دەبەزێنن و گەر سەیری ئەدەبیاتی کوردیدا بکەین لەبارەی جوانی ئافرەتەوە ، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە هەر لە کۆنەوە شاعیران بایەخێکی زۆریان بە ئافرەت داوە و لەم مەیدانەدا بەرهەمێکی زۆر هەیە باس لە جوانی ، خۆشەویستی بۆ ئافرەت دەکەن . پەشێویش کە خاوەن هەست و سۆزێکی قووڵ و لەبن نەهاتووی پڕ خۆشەویستییە کە هەم لە ژیانی ڕۆژانە و هەم لە شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا خۆی دەڵێت :

درەنگ نییە
خۆشەویستم :
کە ژوورەکەم جێ دەهێڵیت
تیشکی خۆر لە ژوورەکەما
بوخچەی خۆی دەپێچێتەوە ،
هێڵی سەعات
خولی لە یاد دەچێتەوە
کە ژوورەکەم جێ دەهێڵی و لە لام دەڕۆی ،
هەرچوار دەورم ، وەك دارەمەیت ،
هەستی سرِم دەگرێتە خۆی ..(*)

بۆیە د. مارف خەزنەدار بەم جۆرە باس لە خۆشەویستی پەشێو دەکات بۆ ئافرەت و دەڵێت : ((ڕەسەنایەتی پەشێو لەوەدایە کە بە دڵداری دەستی پێ کردووە ، چونکە ژیان بە دڵداری دەست پێ دەکات ، ئینجا بیرکردنەوە لە (بوون) ، (فەلسەفە) دەگرێتە خۆی ، هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە دڵداری و فەلسەفە لەگەڵ ئامانجی نەتەوایەتیدا بگونجێنێت ، پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانە))[34].

یەکێ لەو خەسڵەتانەی لای زۆربەی پیاوان ئەوەیە ناتوانن خۆشەویستی خۆیان لە ناخ و دەروونندا بشارنەوە ، پێچەوانەی بوغز و کینە ، کە لای ئافرەتان پێچەوانەی پیاوانە ، توانای شاردنەوەی خۆشەویستیان هەیە و ڕق و کینەیان بە ئاشکرا دەردەخەن ، لەوانەیە دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەوری هەبێت لە شاردنەوەی هەستی خۆشەویستی لای ئافرەتان ، بیە دەبینین ئافرەت لە کۆمەڵگاکەمان پێش

گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرگیری ڕەگەزی بەرانبەری بە (کاك) بانگ دەکات ، لەم کۆپلە شیعرەی لای خوارەوەی پەشێو بەوپەڕی زەرافەتەوە باس لەو کچە دەکات کە خۆشی ویستووە و بە (کاك) بانگی دەکات :

کاك

شەرم مەکە !

بە ناوی ڕووت

ناوم بێنە پڕ بە گەرووت

با لە یەکتر ئاشکرا بین

تا کەی لە ناو ئاگرا بین ؟

ئەتۆ خوشکی ، ئەمن کاکم

خۆشەویستی دەروون پاکم [35]

هەروەها فرە ژنی لای پەشێو زۆر بە ڕوونی لە سەرەتای شێوە نووسینەوە دەردەکەوێت ، لە کاتێکدا بەڵێن بە یەکێك لەو ژنانە دەدات کە باسی هەموو ئەو ژنانەی بۆ بکات کە خۆشی ویستوون و لە شیعری (ئەلبوم) دەڵێت :

لەو ڕۆژەوە گفتم دایتێ

لە سۆراغی ئەلبۆمکدام ، کەوا تۆیی

وێنەی هەموو ئافرەتانی

ئەم جیهانە بگرێتە خۆی ! [36]

لەبەر ئەوەی زمانی شیعر زمانی هێما دەروونیەکانە ، پەشێو ئەوەی لە ناخی دڵیدا جوڵاوەتەوە و هەستی پێکردووە ، زام و ناسۆر و حەسرەت و کەف و کوڵی دەروونی دەقۆزێتەوە بۆ ناو شیعرەکانی ، هەر لە ڕێگای شیعرەکانیەوە هەست و سۆز و تاسە و خورپەی دڵی بە دنیای دەرەوە دەناسێتەوە و ئەوەی لە ناخی دەروونێتی هەموو دێنە گۆ ، ئەوەتە دەڵێت :

هەم تۆم خۆشدەوێ ... هەم ئەویش

کە من تەنیا جارێك بژیم

هەم تۆم خۆشدەوێ ، هەم ئەویش

کە من تەنیا جارێك بژیم

نە تیشکی ڕۆژ دەتۆرێنم

نە تریفەی مانگە شەویش

ئەگەر دووجار ژیابام :

خۆشەویستم هەر تۆ دەبووی لە مەیانا

لەویتردا

بەڵام چبکەم !

کە من تەنیا جارێك بژیم

چارەم نیە

هەم تۆم خۆشدەوێ ، هەم ئەویش

هەم تیشکی ڕۆژ دەپەرستم

تریفەی مانگەشەویش !

**خۆشەویستی نیشتمان** : پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە ناودارانەی کورد زۆر جار بەوە ناسراوە کە زۆر نیشتمانەکەی خۆی خۆشەویستەووە و هەمیشە لە شیعرەکانی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە ، لە هەر سەردەم وەختێکدا مەترسی لەسەر نیشتمان هەبوایە ، پەشێو بێدەنگ نەبووە و لە ئاست ئەو پرسە چارەنووسسازانەی نەتەوەکەی قەڵەمی کارا بووە و داوای کردووە بەرەنگاری دوژمن ببنەوە و کوردستان لە دوژمنان پاك بکەنەوە ، پەشێو نیشتمانەکەی خۆی خۆشویستووە و بەردەوام میللەتەکەی وشیارکردۆتەوە لە پیلان و دەسیسەی ناحەزان و هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمانەکەی دەربڕیوە و گەلێ جاریش دووچاری لێپێچینەوە و گرفت بووە ، پەشێو لە خۆشەویستی نیشتمانەکەی ئاوەها دێتە گۆ :

**نیشتمان**

**بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازە نین**

**هاوکات و هاوجێ**

**ئەویشم دیوە ، ئەمیشم دیوە :**

**نیشتمانی من ، لەوەتی هەیە ،**

**بەهەشتە و دۆزەخ دەوری تەنیوە !(*)**

لەبارەی هەڵوێستی کوردایەتی و دەنگی نەتەوەیی شاعیر پەشێو ، محەمەد خدر مەولوود دەڵێت : ((پەشێو لە نێوان شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی لە نێو دەنگی شاعیران (شێرکۆ بێکەس و جمال شارباژێڕی و سەعدوڵا پەرۆش) و دواتریش (سامی شۆڕش و لەتیف هەڵمەت) و هتد ... لە کۆتایی شەستەکان دا و دواتریش لە ساڵانی (1970 ــ 1974) جەنگی داهێنەرانەی شیعری نەتەوەی کوردیمانە))[37].

پەشێو هەر لە سەرەتای ژیانی دا پەیوەندی بە ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکانەوە کوردووە و خۆی دەڵێت لە ساڵی (1963) پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانەوە کردووە و مەیلی کوردایەتی لای چەکەرەی کردووە .

د. شکریە ڕەسوول لەم بارەیەوە دەڵێت : ((پەشێو شاعیرێکی کوردستانیە ، دەڕوانێتە کورد ، دەڕوانێتە کێشەی ، دەڕوانێتە خۆشەویستی ، دەڕوانێتە جوانی ، پەشێو کورد هەموو ژیانیەتی و کوردستان هەموو سامانیەتی))[38] .

**تەعریب**

**بارکەن ، بڕۆن**

**زەوی ئێمە**

**دانی ئێوەی لێ شین نابێ**

**میرگەکانمان**

**لە ژێر پێی گاڕانەکەتان وەك ئاگرن ...**

**تا دار تووشمان یاخی دەبن ، جولانەیەك بۆ منالتان ڕاناگرن**

**بارکەن بڕۆن**

**بارکەن بڕۆن [39]**

پەشێو بە دەنگێکی ڕوون و بەرز داوا لە عەرەبە هاوردکان دەکات خاکی کوردستان جیٚ بێڵن بۆ خەڵکەکەی و بە دەنگی بەرز و بوێرانە پێیان دەڵێت باربکەن و زێدی باووباپیرمان بەجیٚ بهێڵن خاکی کوردستان لێتان بێزارە و زەوی و زارمان پێتان ئاشنا نین .

لە شیعری (سەربازی ون) ، پەشێو ئەوەندە شارازایی بە نەهامەتی و ئەو بەدبەختییەی هاتووەتە سەر گەلەکەی لە کوشتن و بڕین و تالآنکردن ، ئەو هەموو جەنگە سەپاوە و وێرانکاری و کیمیابارانەی کراوەتە سەر گەلەکەی لە هەموو گۆشە و کەناری خاکی کوردستان شەهید و سەربازی ون هەیە ، ئەمە حەقیقەتێکە و پەشێو جوانی وتووە :

سەربازی ون

وەفدیٚ دەچێتە شوێنیٚ

بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون

تاجە گوڵینەیەك دێنیٚ

ئەگەر سبەی

وەفدێك بێتە ولآتی من

لێم بپرسیٚ

کوانیٚ گۆڕی سەربازی ون ؟؟

دەڵێم

گەورەم :

لە کەناری هەر جۆگەیی

لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتیٚ

لەبەر دەرگای هەر ماڵیٚ

هەر کڵیسەییٚ

هەر ئەشکەوتیٚ

لەسەر گابەردی هەر شاخیٚ

لەسەر درەختی هەر باخیٚ

لەم ولآتە

لەسەر هەر بستە زەمینیٚ

لەژێر هەر گەزە ئاسمانیٚ

مەترسە سەر داخە و تاجە گوڵینەکەت دانیٚ(*)

سەیری کەن چەند بوێرانە هانی نەتەوەکەی دەدا کە ڕاپەڕن ، هەڵسن هەڵۆ ئاسا بەرز بفڕن ، چل ملیۆن مرۆڤی کورد ، چل مەچەك و بازووی پۆڵایین ، بڕوانە چەند جوان دەڵێت :

هەستن هەڵۆی شاخان هەستن

لە هەستاندا ئێوە یەکن :

یەك بیر ، یەك ڕیٚ ، یەك مەبەستن ،

هەستن هەڵۆی شاخان ، هەستن !

چل ملیۆن ماچ ،

چل ملیۆن مەچەك و دەستن ،

هەستن ، هەڵۆی شاخان ، هەستن !(*)

(پەشێو)ی شاعیر خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەی ئەوەندە لا پیرۆزە هەمیشە بە سەربەرز و ویستی پلۆاینی لەقەڵەم دەدا و ئەگەرچی کارەسات و نەهامەتییەکی زۆری بەسەر هاتووە ، بەلاَم هەمیشە و هەردەم وەکو درەخت قامەتی بەرز و خۆڕاگر بووە لە بەردەم باو بۆرانی زەمانە :

ناکەوین ئێمە وەکو درەختین
جار هەیە دەخەوین
دەخەوین وەکو شوانی جوای شەوین
بەلاَم لە خەویشدا ... بەپێوەین
بە پێوەین ، ناکەوین ![*]

ئەنجام

لە خوێندنەوە و پیاچوونەوە و لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەم و هەڵوێستی شاعیر (پەشێو) ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

- (پەشێو) لە شیعرەکانیدا ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو ، ئەو لە نێوان دوو دەریای گەورەی خۆشەویستیدا ژیاوە ، کە ئەویش خۆشەویستی بۆ (دڵدار و نیشتمان)ەکەیە و ئەمەش زەق لە شیعرەکانیا ڕەنگیان داوەتەوە و خۆشەیستەکەی هەمیشە سەرچاوەی سەرەکی شیعرەکانی بووە ، لە خۆشەویستی نیشتمانیش هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەی بووە و دایم لە ناخ و ویژدانیا ژیاوە .

- (پەشێو) جیاوازە لە شاعیرانی پێش خۆی ، چونکە زۆر زەق کێشەی سیاسی کورد لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە ، هانی هەموو چین و توێژێکی نەتەوەکەی دەدات بۆ ڕیسواکردنی سیاسی و داپڵۆسینی داگیرکەران .

- لە ڕووی زمانەوە شیعرەکانی بە زمانێکی سادە و پاراو دەبڕیوە ، بە گشتی شیعرەکانی لە ئاستێکی هونەری بەرز و بالاَیە .

- (پەشێو) ڕاستگۆیە لە دەربڕینەکانی و شیعریش بۆ هیچ مەبەستی تایبەتی و دوور لە لایەنی دڵداری و کێشەی سیاسی کورد نەوتووە .

- لە شیعرەکانیدا هەست بەوە دەکەین کە پەیام بەسەر ڕووخساردا زاڵە .

- جوانی ئافرەت بە تەنها نەبۆتە هۆی شیعرە دڵدارییەکانی ، بەڵکو بووەتە خاڵێکی بەهێز و پاڵنەر بۆ دەست پێکردنی بە شیعر نووسین و کاری لە دەروونی کردووە و بە جدی شیعری پێ دەوڵەمەند کردووە .

## انعكاس الحب والغزل على اشعار الشاعر عبد الله پيشو (المرأة والوطن)

م. سرود ولى اسماعيل
جامعه بغداد / كليه التربيه ابن رشد للعلوم الانسانيه

**الخلاصة ..**

من خلال مطالعاتنا ومراجعاتنا وتحقيقاتنا فى حياة ونتاج ومواقف شاعرنا (پەشێو) وصلنا الى النتائج التالية :

ـ يظهر لنا من خلال أشعار شاعرنا (پەشێو) انه عاش يعوم بين بحرين عظيمين من الحب ليس بينهما سد ... حب حبيبته وحبه الجامح لـ (وطنه) ، وانعكس ذلك في أشعره ، فكان حب (الحبيبة) مصدر الهامه الشعري مع حب الوطن ومعالجة آلام وعذابات أمته ، تلك الام والمعاناة يعيش في ضميره .

ـ (پەشێو) يختلف عن الشعراء الذين سبقوه ، فهو من قلائل الشعراء الذي يعلن وبصوت عال وجلي ما يعانيه شعبه الكوردي من مشاكل سياسية وانسانية من خلال كلمات أشعاره وينهض بالهمم ويخاطب كل طبقات امته لتعرية المحتلين والغاصبين وفضحهم ، وسلاحه الكلمات التي باتت أشد تأثيرا من الرصاص عليهم .

ـ من حيث اللغة ، كتب (پەشێو) أشعاره بلغة بسيطة ، سلسة وفي الحين ذاته كانت ترتقي الى مستويات فنية عالية من الرقي والجمال وما يسمى بالسهل الممتنع .

ـ (پەشێو) كان صادقا في تعبيراته ، ولم يكتب أشعاره لأغراض خاصة به ، فيما عدا حب الحبيبة ، أما بقية شعره فهي في بيان ومعالجة مشاكل امته السياسية .

ـ في ثنايا أشعاره يتضح ان هناك رسالة موجهة تسيطر بشكل جلي على الشكل والمضمون .

ـ جمال المرأة لم يكن مصدر الهام أشعاره الغزلية فقط ، بل كان نقطة قوة ودافعا كبيرا لكتابة الشعر ، اثر في صميمه واغنى به اشعاره من صور وايحاءات تحاكي متطلبات الموضوعات التي تناولها وجوهرها .

## A reflection of the love and spinning on notice poet Abdullah Taho (Women and the homeland)

M. Swrood weli asmael
Baghdad University / College of Education, Ibn Rushd For Human Sciences

**Abstract**

- It is shown to us through the poems of our poet (Pashyo) that he lived floating between two great seas of love with no dam between them… his love for his beloved lady (Yar) and his inordinate love for his (homeland), all of which was reflected in his poems, so the love of (Yar) was the source of his small inspiration with the love of homeland and the treatment of the pains and tortures of his nation.

- (Pashyo) differs from the poets preceding him, he is one of scarce poets who declares with high and clear voice what his Kurdish people suffer of political and human problems through the words of his poems, he rises the mettles and addresses all the classes of his nation to uncover the occupiers and usurpers and expose them. His weapon is words that have more intensive effect that the bullets on them.

- With respect to language, (Pashyo) wrote his poems in a simple and fluent language and at the same time they rise to high technical levels of superiority and beauty and what is named as abstained easy.
- (Pashyo) was sincere and honest in his expressions, and did not write his poems for private purposes, except for the beloved love, while the rest of his poems were in the explanation and treatment of his nation's political problems.
- Within the folds of his poems, it is shown that there is a directed message controlling in an obvious way over the shape and content.
- The woman's beauty was not an inspiration source of his erotic poems only, but it was a power point and a great impulsive to write poetry which affected his essence and enriched his poems with images and suggestions simulate the requirements of the topics he addressed and their essence.

**پەراوێزەکان**

---

(1 ) د. نعيم حسن البياتي ، الشعر بين الفنون الجميلة ، مطبعة دار الكتب العربي للطباعة والنشر ، القاهرة ، 1968 ، ل 12 .

(2) د. شکریە ڕەسول ، ئەدەبی کوردی و هۆنراوەکانی ئەدەب ، چاپخانەی خوێندنی بالاّ ، چاپی یەکەم ، هەولێر 1989 ، ل 13 .

(3) هۆراس ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی : حمید عزیز ، چاپخانەی (الزمان) ، بغداد ، 1979 ، ل 30 .

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 30 .

(5) سەرچاوەی پێشووتر, د.شکریە ڕەسول, ل17.

(6) سەرچاوەی پێشوو، ل 14 ـ 15 .

(7) بڕوانە : مجيد محمود مطلب ، شیعر و فەلسەفە ، وەرگێڕانی : فوئاد مجید میسری ، بەغدا ، 1978 ، ل 7 .

(8) بڕوانە : نبيلە ابراهيم ، ئەفسانە ، وەرگێڕانی محمد بەدری ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ل 14 .

(9) ئاخاوتنێکی گەرم .. نزیکی سەهۆڵبەندانی قوتبی ژوورو لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیردا ، گۆڤاری ئێستا ، ژمارە 18 ، سلێمانی ، 1999 .

(10) عبدالله عباس ، ئاوەها دەرگام کردەوە ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی ، ل 17 ـ 18 .

(11) کورتە ژیانی پەشێو لە ئەنتەرنێتەوە .

(12) شەرمین ئیبراهیم عەزیز ، پەشێو تازکردنەوە لە شیعری کوردیدا ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ساڵی 2006 ، ل 184 .

(13) سەرچاوەی پێشوو ، ل 184 .

(14) محمد خدر مەولود ، دۆسیەی عەبدولاّ پەشێو ، گۆڤاری کاروان ، ژ 168 ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ل 65 .

(15) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 65 .

(16) یوسف ابو الفوز ، دیدارێك لەگەڵ شاعیر عەبدوڵلاّ پەشێو ، گۆڤاری (الثقافة الجديدة) ، بەغدا 2014 ، ژ 370 ، لە ئەنتەرنێتەوە وەرمانگرتووە .

(17) هەمان سەرچاوە ، ل 186 .

(18) دەشنێ ڕەووف ، دیدار لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ، جێگای پەشێو لە ساڵانی حەفتاکان ، سلێمانی 2010/2/12 .

(19) محمد خدر مولود ، دیدار لەگەڵ پەشێو ، گۆڤاری ڕامان ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ساڵی 2002 ، ژ 78 ، ل 85 .

(20) محمد خدر مەولود ، دۆسیەی عەبدولاّ پەشێو ، گۆڤاری کاروان ، ژ 168 ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ل 68 .

(21) عەبدولاّ پەشێو ، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ، بەرکولّی دیوانی شیعری ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر ، 2005 ، ل 397 .

(22) عەبدولا پەشێو ، بروسکە چاندن ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ، ساڵی 2001 ، ل 5 .

(23) ئەحمەد میرە ، دیدار لەگەڵ پەشێو ، هەولێر ، ڕۆژی 2002/11/9 .

(*) لە هەندێ سەرچاوە لە دایکبووی (1947) نووسراوە !

(24) یوسف ابو الفوز ، دیدارێك لەگەڵ شاعیر عەبدوڵلا پەشێو ، گۆڤاری (الثقافة الجديـدة) ، بەغدا 2014 ، ژ 370 ، لە ئەنتەرنێتەوە وەرمانگرتووە .

(25) جەمال غەمبار ، توێژینەوەی سایكلۆژیی لە داهێنانی شیعردا ، گۆڤاری ڕۆژی كوردستان ، بەغدا ، ژ 75 ، ساڵی 1987 ، ل 46 ـ 47 .

(26) گۆران ، بەهەشت و یادگار ، چاپخانەی معارف ، بەغدا ، ل 87 .

(27) ڕەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدەبیاتی كوردی ، بەرگی دووەم ، ل 161 .

(28) علاءالدین سجادی ، ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی ، چاپخانەی مەعارف ، بەغدا ، ساڵی 1968 ، ل 321 .

(29) مامۆستا جەعفەر ، مێژووی بیری كوردی ، لە بڵاوكراوەكانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید 3 ، چاپخانەی مەولانا خالید ، سلێمانی ، 2009 ، ل 520 .

(30) د. عزالدين مصطفى رسول ، الواقعية فى الادب الكردى ، ل 185 .

(31) گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، سلێمانی ، 1960 ، ژ 6 ، ساڵ 1 ، ل 67 ـ 68 .

(32) مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، دەزگای ئاراس ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی پەروەردە ، هەولێر ، ساڵی 2006 ، ل 598 ـ 599 .

(33) هەمان سەرچاوە .

(*) لە ئەنتەرنێتەوە .

(34) محەمەد خدر مەولوود ، دۆسیەی عەبدوڵلا پەشێو ، گۆڤاری كاروان ، ژ 168 ، ل 46 .

(35) سوارە نەجمەددین ، گەشبینی چاوەنواڕی گەڕانەوە لە شیعری پەشێودا ، گۆڤاری هەنار ، ژ 71 ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ، ساڵی 2011 ، ل 51 .

(36) عەبدوڵلا پەشێو ، پشت لە نەوا و ڕوو لە كرێوە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی گشتی هەولێر ، ل 355 .

(*) لە ئەنتەرنێتەوە .

(37) محەمەد خدر مەولوود ، بیرەوەری ، گۆڤاری میدیا ، ژ 128 ، ساڵی 2002 ، ل 9 .

(38) د. شكریە ڕەسوول ، گۆڤاری كاروان ، ژ 168 ، هەولێر ، 2002 ، ل 55 .

(39) عەبدولا پەشێو ، هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا ، ل 255 .

(*) لە ئەنتەرنێتەوە .

(*) لە ئەنتەرنێتەوە .

(*) لە ئەنتەرنێتەوە .

## سەرچاوەكان

**سەرچاوە كوردییەكان : كتێب :**


1ـ خورشید ڕەشید ، ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی كوردیدا ، چاپی یەكەم ، بەغدا ، ساڵی 1988 .

2) د. شكریە ڕەسول ، ئەدەبی كوردی و هۆنراوەكانی ئەدەب ، چاپخانەی خوێندنی باڵا ، چاپی یەكەم ، هەولێر 1989 .

3 ـ د. كامل حەسەن بەسیر ، ویژەی كوردی و ڕەخنەسازی ، ئەمێندارێتە گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان لەچاپ دراوە ، بەغدا ، 1991 .

4ـ لاوك و پەیام ، گۆران ، چاپخانەی كامەران ، سلێمانی ، ساڵی 1969 .

5ـ مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، دەزگای ئاراس ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی پەروەردە ، هەولێر ، ساڵی 2006 .

6 ـ مێژووی بیری کوردی ، مامۆستا جەعفەر ، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید 3 ، چاپخانەی مەولانا خالید ، سلێمانی ، 2009 .

گۆڤارە کوردییەکان

1ـ گۆڤاری ئێستا ، ژمارە 18 ، سلێمانی ، 1999 .

2ـ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ، د. عثمان عبدول بەرزنجی ، جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا سلێمانی ساڵی 2010 ، ژمارە 27 .

2ـ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، د. محمد دلێر امین میسری ، زمانی شیعرو زمانی ڕۆژنامەنووسی ، هێڵی لەیەکچوون و جیاوازی ، سلێمانی ساڵی 2009 ، ژمارە 26 .

3ـ گۆڤاری زانکۆ ، د. محمد دلێر امین میسری ، لێچوون و جیاوازی شیعر و پرۆسەی پەیوەندیکردن ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ژ 43 ، ساڵی 21 .

4ـ نووسەری کورد ، ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا ، کەمال مەمەند ، بەغدا ، 1979 ، ژ 1 .

5ـ گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ، شیعری سیاسی کوردی لە کوردستانی عیراق دا ، د. مارف خەزنەدار ، بەغدا 1971 / 1972 ، ژ 15 .

6ـ گۆڤاری ڕۆژی کوردیتان ، شیعر و شاعیر ، ئاوات کامیل ، بەغدا 1987 ، ژ 75 .

سەرچاوە عەرەبییەکان

1ـ الحداثة ، مالكم برادبرى وجيمس ماكفارلن ، بغداد 1987 ، ج 1 .

2ـ شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گۆران ، تأليف حسين علي شانوف ، ترجمة شكور مصطفى ، وزارة الاعلام ، مديرية الثقافة الكردية العامة ، من منشورات مجلة المثقف الجديد الكردية ، مطبعة دار الجاحظ ، بغداد 1975 .

3ـ كمال غمبار ، عبدالله گۆران رائدا لحركة تجديد الشعر الكردي ، دراسة نقدية مقارنة ، اربيل ، 2008 .

4ـ د. نعيم حسن البياتي ، الشعر بين الفنون الجميلة ، مطبعة دار الكتب العربي للطباعة والنشر ، القاهرة ، 1968 .

5ـ مجلة المعرفة / العدد 204 ، السنة السابعة عشرة ، دمشق .1979

6ـ مجلة الثقافة الجديدة ، لقاء مع الشاعر عبدالله پەشێو ، يوسف ابو الفوز ، بغداد 2014 ، العدد 370 .



View publication stats